# رەخنە ،بەسفرکردنەوەی تواناکان نیە!

رزگار سەعید



کاتێک باس لەگۆڕانکاری دەکرێت وەک هەنگاوێکی جیاواز لەکاری باو ،ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر هەوڵ ومێژووی سەرەتاکانی گۆڕان و چەمکەکانی ڕیفۆرم لەکۆمەڵگەدا ، ئەمەش فاکتەرو دیدی جیاوازمان بۆ دەردەخات لەوانە :

جیاوازی دیدو بونیاتی بیرکردنەوە لە نێوان روناکبیران و دەسەڵاتدا ،لێرەدا دەسەڵات بەواتای حاکمی بڕیاردەرو نەخوێندنەوەی بیرو بۆچونی بەرانبەر کەدەبێتە خاڵی سەرەکی لە جەنگی ڕیفۆرمدا.لەمێژووی نوێی کورددا سەرچاوەیەکی فیکریی بەرجەستەمان بۆ نەماوەتەوە تا کاری لەسەر بکەین ئەوەش بە هۆی ئەو جەنگە ناوچەییانەی کە دەڤەرەکەی تێکەوتوە گەرهەشبوبێت بەر هێرشی لەناوچون کەوتووە{ 500}ساڵی دەسەڵاتی عوسمانیەکان و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئەودەسەڵاتەوە و لەناوبردنی تێکڕای هەوڵ و تواناو سەرچاوەکان، باشترین بەڵگەیە بۆ نەهێشتنەوەی هیچ سەرچاوەیەکی گرنگ.

گەر لەدیدی پرەنسیپە سەرەکیەکانی ریفۆرمەوە بنواڕینە پرۆسەی گۆڕان ، پانتاییەک بەدیدەکەین وەک {عەقڵ پێش گوێزانەوە } ،{ حەقیقەت پێش یاسادانان } ، {داهێنان پێش لاسایکردنەوە} .ئەم سێ بنەما سەرەکیە دەکرێت وەک پرۆسەی کاری بونیات هەوڵەکانی لەسەر دابمەزرێنرێت ، بەڵام جۆری کاریگەریەکان دەبێتە دوو جەمسەر ، جەمسەرێکیان گرێدراوی جیهانی دەرەوە دەبێت کە بەزمانی هاوچەرخ پێی دەڵێن فەرهەنگی ئەوروپی . هەرچەندە ئەم فەرهەنگە هەندێک لە مێژووناسان دەیگێڕنەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی {مارتین لۆتەر }لەئەوروپاو بەتایبەت لەئەڵمانیادا بەرپای کرد لەڕوی ئایینەوەو تا ئێستا کاریگەری ئەو گۆڕانکاریە بەسەر تاکی ئەڵمانەوە هەیە، بەڵام لەڕوی سیاسیەوە دەیگێڕنەوە بۆکاریگەری {مونتسیکۆو لوک } کە بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی تاکیان‌کردو پاشانیش بەرهەمەکەی شۆڕشی فەرەنسای لێکەوتەوە .بەڵام جەمسەری دووەم تایبەتە بە هەوڵەناوخۆییەکان بەواتایەک گۆڕان لەناوخۆدا دەست پێدەکات و تەشەنەدەکاتە دەرەوە،گەر ئەم دوو دیدە مێژووییە بەراورد بکەین لەگەڵ دەسەڵات و ستەمی زۆری عوسمانیەکان لەکەسێتی کورد دەبینین ئەوەی کە بۆ ئێمە وەک میراتی مابێتەوە لەلایەن ئەوانەوە تەنها بەندەییەو هیچی تر{ هەرچەندە ئێستاش خەون بەهەمان هەژمونگەری و دەسەڵاتەوە دەبینن } بۆیە پاشخانێکی دەوڵەمەندمان نیە تا پشتی پێ ببەستین تەنها ئەو ئایدۆلۆژیەی باس دەکرێت { گەر بونی هەبێت} تەنها دروشمەو چیدیکە.

لێرەدا بونیاتی کارکردنمان تەنها لەسەر کۆی نەتەوەییە، بەواتایەک لەواتاکان کوردێتی و کوردیبوون { کوردایەتی} ڕەگەزێکی زیندوی بەردەوامە بۆ لەکارخستن و بەتاڵکردنەوەی هەموو وێنایەکی تر ، لەگەڵ ئەنجامدانی شوڕشێکی پەروەردەیی کە ببێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی داهێنانی فیکری و چرۆی نوێ تا بەردەوام هەوڵی نوێبونەوە گەشە بکات .

کاتێک لەسەردەمی هاوچەرخ و هەنوکەییدا باس لەڕیفۆرم دەکرێت یان ڕەخنە لەدەسەڵات و حاکمی دەسەڵاتی کوردی دەگیرێت بەواتای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و خوێندنەوەی بەرانبەرو دەوڵەمەندکردنی ئەزمونەکانە نەک بەواتای سفرکردنەوەی هەوڵ و کۆششەکانی خەبات و خەباتگێڕی کورد . چونکە خەباتگێری کورد هەمیشە ئەوەندەی هەوڵی ناساندنی ناسنامەو پێناسی نەتەوەیی داوەو لەپێشەوەی هەمو پرەنسیپەکانی تری خستووە بیری لەهیچ هەنگاوێک و داهێنانێکی تر نەکردوەتەوە تا پێگەو بونیاتی کاری گۆڕانی لەسەر دابنێت ، ئەمەش چەندە بواری ناساندنی نەتەوەیی و بەرگریی بەهێز کردوە ئەوەندە بواری ئەزمونی ئەوکەسایەتیانەی

کەم کردووە لەژیانی مەدەنیدا . بەواتایەکی دی مەرج نیە هەمو شۆرشگێرێکی ئازاو بەجەرگ کە رۆژێک لەرۆژان لەژیانی پێشمەرگەییدا مێژوویەکی بۆ خۆی و نەتەوەکەی دروستکردووە وبوەتە جێی شانازی، ئەمرۆ لەژیانی مەدەنیدا هەمان مرۆڤی کاراو بەتوانا بێت هەمان پێشرەوی کاری مەدەنی بێت ،چونکە گۆرانکاریەکان و ئەزموونی ژیانی مۆدیرن ئەوەی سەلماندووە کە ئاستی جیاوازیەکان چەندە گەورەن . گەر ئەم دیدە لە پرۆسەی سیاسی ئەمرۆی کوردیدا بەرجەستە بکەین نموونەی زۆرمان بەرچاو دەکەوێت بۆیە پێویستە لێرەدا هەڵوێستە بکەین و خوێندنەوەی جیاواز بەپێی مێژوو دەڤەر و پێگەو تواناکان بکەین .

بەتایبەت کاتێک رەخنەکان زبر دەبن و خوێندنەوەکانیش بەهەمان شێوە زبرتر دەبێت ئیدی وێناکان بەئاراستەیەکی دی دەچن و لێک تێنەگەشتن دەگاتە ئاستی داخستن و رەتکردنەوەی هەموو هەوڵێک بۆ گۆران و چاکسازی و بەرەی دووەمیش هیچی لەبەردەستدا نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت بێتە سەر شەقام و داواو نارەزاییەکانی پێشکەش بکات .

ولیام بلوم {نوسەری کتێبی دەوڵەتی شەر} یەکێکە لە نوسەرە سیاسیەگەورەکانی ئەمەریکا و دژ بەورۆڵەیە کەئەمەریکا دەیگێرێت لەجیهاندا بەشێوەی پۆلیسی بەتایبەت رۆڵی سەرۆک بوش بەڵام کاتێک دێتە سەرباسکردنی گۆرانکاریەکان و کاریگەریی وولاتەکەی لەسەر جیهان بەشێوەیەکی برندە پارێزگاری لەو بنەمایانە دەکات کەرەخنەکان دەبێت بەشێوەیەک بێت دەزگاکان بهێنێتە لەرزە ئەمەش لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دا دەبینێتەوە.

بێگومان کارێکی شارستانی و یاساییە لەهەموو جیهاندا لەرێی خۆپیشاندانەوە نارەزایی وداواکان پێشکەش بکرێت و کارێک بکرێت کە سەرەوە ئاگاداری چینی خوارەوە بێت ،گەر درز کەوتە نێوان ئەم دوو بەرەیە ئەستەمە بتوانرێت هەوڵی جدی بدرێت بۆ هەڵچنینی دیواری بەرگری، زۆر گرنگە ئاستی داواکاریەکان بەهەند بگیرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

پێدەچێت هیچ تاکێکی کورد نەبێت حەزبەوە بکات کە کورد دەسەڵاتی خۆی نەبێت ،باشترین بەڵگەش هەموو ئەو هەرەشانەیە کەبەردەوام لە هەرێمی کوردستان دەکرێت ئیدی بەهەرچی بیانوو بەهانەیەک بێت، کەچی کوردان لەجیهاندابەیەک دەنگ دێنە وەڵام و بەرپەرچی ئەو هەرەشانە دەدەنەوە ئەمە بۆخۆی ئەو خاڵەی سەرەوەیە کەئاماژەمان پێدا.

کەواتە هەوڵ و رەخنەکان بابێتە سەرەتایەک بۆ پێداجونەوەو هەنگاوی نوێ بەرەو باشترکردنی کارو چاکسازی و بوار رەخساندنی دەنگ و سیمای نوێ تا لەوێوە فیکری نوێ بێتە ناو گەمە سیاسیەکانەوە .